سەرچاوەیەکی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی ئەو هەواڵ و باس و خواسەی لەم ماوەیەی دواییدا لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕەوە لەسەر بابەتی گرتنی (کەمال سەید قادر) لەلایەن دادگاوە بڵاودەکرێنەوە ڕایگەیاند:-

(بەڵێ(کەمال سەید قادر) لەلایەن دادگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گیراوە تاکو بەشێوەیەکی یاسایی دادگای بکرێت لەسەر ئەو سکاڵایانەی دەرهەق بەناوبراو پێشکەش بە دادگا کراون لەسەر ئەوەی کە ماوەیەکە ناوبراو وبەبێ ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیان و بە بەزاندنی لە ڕادە بەدەری سنورەکانی یاساو ڕێساو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و دوور لە بەهاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی دەستی داوەتە زنجیرە نووسینێکی تاوانبار کردنی ناڕەواو وبوختان ئامێز لە دژی هەندێک لە لێپرسراوان و کەسایەتیەکان بەتایبەتیش لەوانەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکن یان بەرپرس و کار بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانن ئەوەش بەئامانجی ناوبانگ زڕاندن و بەشێوەیەکی بێ پەرواو بۆیە ناوبراو دراوەتە دادگا تا وەڵامی خۆی لەسەر ئەو تۆمەتبارکردن و ناو زڕاندنانە بداتەوەو دادگا بڕیاری خۆی بدات و یاسا مەجرای خۆی وەربگرێت، چونکە ئەو ڕەفتارەی ناوبراو ناڕەواو بێ پاساوو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پێچەوانەی یاساو ڕێساو بەهاکانەو لەبەر ئەوەی دادگا بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی هەیەو بڕیاری سەرەتایی و کۆتایی هەر بۆ دادگا دەگەڕێتەوەو سەربەخۆیی و سەروەریی پارێزراوە، بە پێ ی یاسا بۆ هیچ لایەنێک نیە دەستکاری لە کارو باری دادگا بکات و دەرگای دادگاش بۆ هەموو کەسێک ئاوالایە سکاڵای خۆی تۆمار بکات بۆ وەرگرتنی مافی خۆی و ئێمەش پشتگیری لە بڕیاری دادگا دەکەین).